له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# پوختەی
# چۆنیێتی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ)

(تلخيص صفة صلاة النبي ﷺ)

نووسینی
فەرموودەناسی سەردەم : محمد ناصرالدين الألبانــي
وەرگێڕانی : زریان عزیز حەمە
پێداچوونەوە و پێشەكی بۆ نووسینی :
محمد عبد الرحمن لطيف
وتـارخوێنی مزگەوتی ( شێخ إبراهیم ) / كەلار

چاپی سێیەم ١٤٣٢ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی مامۆستا ( محمد عبد الرحمن لطيف )

زۆر لە مێژەوە ئاوەتەخوازی وەرگێڕانی کتێبی (تلخيص صفة صلاة النبي ﷺ) بووم .. ئەوە بوو لە ساڵی ڕابوردوودا دەستم دایە بەدیهێنانی ئەم ئاواتەم و چەند هەنگاوێگ بەرەو پێش ڕۆیشتم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی و کەمی کاتەوە نەمتوانی تەواوی بکەم ..

ئەوەندەی پێ نەچوو برایەکی زۆر بەڕێز و زۆر خۆشەویستم (کاکە زریان سەرچناری) هەندێك شاکاری جوان و بە نرخی بۆ هێنام بۆ ئەوەی کە هەستم بە پێداچوونەوەیان و پاشان بە چاپیان بگەیەنم .

جا شاگوڵی نێو ئەو گوڵزارە بریتی بوو لە کتێبی (**پوختەی چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر** ﷺ) .. هەر چەندە بە بینینی ئەم بەرهەمە زۆر بایەخدار و زۆر بە نرخە هەندێك دڵتەنگ بووم چوونکە بووە مایەی ئەوەی کەوا من بێبەش ببم لە پاداشتی ئەو کارە .. بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر دڵ شاد و خۆشحاڵ بووم چوونکە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و ئاشناکردنی خوێنەرانی شوێنکەوتوویی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی

ئوممەت بەم کتێبە زێڕینە زۆر زۆر پێویست بوو کەوا چی تر دوا نەکەوێت و بە زووترین کات بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی .

داوا کارم لە خوای گەورە پاداشتی نووسەر و وەرگێڕیش بداتەوە بە (فردوس الأعلى) و ئەم بەرهەمە زۆر گرنگ و بایخدارەش بکاتە زەخیرەی قەبر و قیامەتیان .

گەرمیان / کەلار

بسم الله الرحمن الرحیم

## پێشەکی دانەر :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

**دوای ئەوە :**

**برای بەڕێزم مامۆستا (زهير الشاويش) خاوەنی کتێبخانەی ئیسلامی پێشنیاری کرد کەوا هەستم بە پوخت و کورت کردنەوە و نزیك کردنەوەی دەستەواژەکانی کتێبەکەم : (چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لە تەکبیرەی ئیحرامەوە تاوەکو سەلامدانەوە وەکو ئەوەی بیبینیت)[1] بۆ خەڵکانی گشتی.**

**جا کاتێك بینیم پێشنیارەکەی پێشنیارێکی پیرۆزە ، وە گونجاویش بوو لەگەڵ ئەوەی کە دەمێك بوو لە ناخمدا دەخوولایەوە ، وە زۆرێك لە برایان و**

---

(١) ئەو کتێبە برای بەڕێزمان مامۆستا عەدنان بارام وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە ناوی (چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لە تەکبیرەی ئیحرامەوە تاکو سەلامدانەوە هەروەکو چۆن لە پێش چاوتدا بێت )، خوای گەورە پاداشتی چاکەی بداتەوە، تکایە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە بگەڕێرەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە، چونکە زۆر بە سودە .

هاوڕێیانم ئەیاندا بەگوێمدا کە ئەو کارە ئەنجام بدەم ، ئەمەش هانی دام کە هەندێك لە کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم هەرچەندە کاتەکانم زۆر جەنجاڵن لەبەر زۆری سەرقاڵ بوونم بە کارە زانستیەکانمەوە ، ئیتر دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکە بە گوێرەی هەوڵ و توانای خۆم ، داواکارم لە خوای گەورە کە تەنها لە بەر ڕەزامەندی خۆی بێت ، وە سوودبەخشی بکات بۆ برا موسوڵمانەکانم .

لە ڕاستیدا لەم پوختەیەدا هەندێك تێبینی بە سوودم نوسیووە کە لە کتێبە سەرەکیەکەدا واتە ( الصفة ...)کەدا نیيە ، کە هەستم پێکردون و بە باشم داناون لە کاتی پوختەکردنەوەکەدا ، هەروەها گرنگیەکی تایبەتیم داوە بە ڕوونکردنەوەی هەندێك وشە کە لە فەرموودەکان یان زیکرەکاندا هاتوون .

وە ناونیشانم داناوە بۆ بابەتە سەرەکیەکان و بۆ زۆرینەی بابەتە لاوەکیەکانیش ، پاشان ژمارەی یەك لەدوای یەکم داناوە بۆ بابەتەکانی تری کتێبەکە .

وە لە گەڵ هەر بابەتێکیشدا ئاماژەم بە حوکمەکەی کردووە کە ئایا (ڕُکن)ـە یان (واجب)ـە ؟ هەرچیەکیش کە باسی حوکمەکەیم نەکردبێت ئەوە

لەسوننەتەکانی نوێژە ، هەرچەندە هەندێکیان پێدەچێت کە (واجب)یش بن ، بەڵام بۆیە ئاماژەم بۆ نەکردوون

چونکە پێچەوانەی لێکۆلینەوەی زانستی (التحقيق العلمي)ـن .

**پایە** یان ڕوکن (الرُّكْن) : واتە ئەو شتەی کە لە ناو هەرکارێکدا بێت تەواوکەری ئەو کارەیە ، وە بە نەبوونی لە ناو کارەکەدا دەبێتە مایەی بەتاڵ بوونەوەی کارەکە ، وەك کڕنوش (ركوع) لە ناو نوێژدا ، کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی نوێژ و بە نەبوونی تێیدا نوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

**مەرج** یان شەرت (الشَّرْط) : هاوشێوەی ڕوکنە بۆ کارەکە، تەنها لەوەدا جیاوازە کە لە دەرەوەی کارەکەدایە، وەکو دەستنوێژ بۆ نوێژ ، کە شەرتێکە لە شەرتەکانی نوێژ و بە بێ هەبوونی دەستنوێژ نوێژەکە دروست نییە.

**پێویست** یان **واجب** (واجب) : ئەو شتانەن کە لە قورئان و سوننەتدا فەرمان پێ کردنیان سەلمێنراوە بەڵام هیچ بەڵگەی بە (ڕوکن) بوون و بە (مەرج) بوونیان لەسەر نەهاتووە ، ئەنجامدەری ئەو کارە پاداشت وەردەگرێت و وازلێهێنەرەکەشی سزا دەدرێت ، مەگەر بەهانە واتا (عُذر)ێکی هەبێت .

وە فەرز (فَرْض)یش هەمان واتای (واجب)ی هەیە و جیاوازی کردن لە نێوانیاندا زاراوەیەکی داهێنراوە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

**سوننەت** (سُنّة) : بریتییە لەو پەرستنانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە یان زۆرجار بەردەوام بووە لەسەریان بەڵام بە شێوەی (واجب) بوون فەرمانی پێ نەکردووە ، ئەنجامدەرەکەی پاداشت وەردەگرێت و وازلێهێنەرەکەشی سزانادرێت و سەرزەنشتیش ناکرێت .

وە ئەو فەرموودەیەی کە هەندێك لە لاسایکاران (مُقَلِّدين) دەیگێڕنەوە و دەیدەنە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) کە گوایە فەرموویەتی : ((مَنْ تَرَكَ سُنَّتِي لَمْ تَنَلْهُ شَفاعَتِي)) واتە : هەرکەس وازبهێنێت لە سوننەتی من ئەوا بەر شەفاعەتی من ناکەوێت ! ئەوە هیچ بنەمایەك نییە کە بیسەلمێنێت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدرابێتەوە ، بۆیە نابێت بدرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە ترسی ئەوەی کە نەکەوینە ناو تاوانی قسە هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :((مَنْ قالَ عَليَّ ما لَمْ أَقُلْ فَلْيَتَبَوأ مَقْعَدَهُ مِنْ النّارِ))[٢].

[٢] أخرجه ابن أبي شيبة (٧٦٠/٨) وأحمد وغيرهما ، وهو مخرج في "الصحيحة" : (١٧٥٣).

واتە : هەرکەس قسەیەك بكات بەدەم منەوە كە من نەمكردبێت، ئـەوا بـا شوێنی خۆی خۆش بكات لەناو ئاگری دۆزەخدا .

وە بە پێویستی دەزانم لە درێژەی ئەم وتەیەدا باسی ئـەوە بکـەم کـە لـە نووسـینی ئـەم پوختەیـەدا پەیوەسـت نـەبووم بـە هـیچ کـام لـە چـوار مەزهەبەکەوە هەروەك لە كتێبە سەرەكیەكەیشدا هەر بەو شێوەیەم كردووە ، بـەڵكو ڕێـڕەوی (أَهلُ الحَدِيث)م گرتووەتەبـەر ئەوانـەی کـە بـە گـوێرەی فەرمایشتە سەلمێنراوەكانی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵسوكەوت دەكەن ، هەر لەبەر ئەوەیە كە مەزهەبی ئەمان زۆر بەهێزترە لە مەزهەبی خەڵكانی تـر ، ئەمـەش ڕاسـتیەکە خـاوەن ویژدانـەکان دانیـان پیانـاوە لـە هـەموو مەزهەبەکانـدا ، لەوانەیش زانای گەورە (أبوالحسنات اللكنوي الحنفي) كە فەرمویەتی: "وَكَيفَ لا وَهُمْ وَرَثَةُ النَّبي (ﷺ) حَقاً، وَنُوابُ شَرْعِهِ صِدقاً ، حَشَرَنا اللهُ فِي زُمْرَتِهِمْ ، وَأَماتَنا عَلى حُبِّهِمْ وَسِيرَتِهِمْ" .

واتە : چۆن مەزهەبی (أَهلُ الحَدِيث) باشترین مەزهەب نیيە؟ لـە كاتێكـدا ئەوان بەڕاستی میراتگری زانستی پێغەمبەرن (ﷺ) ، وە نوێنەری ڕاستەقینەی شەرعەكەین ، داواكارم كە خوای گەورە لە گەڵ ئەواندا حەشرمان بكـات ، وە لەسەر خۆشەویستی و ڕێڕەوی ژیانی ئەوان بمان مرێنێت .

**وە ڕەحمەتی خوای گەورەش لە ئیمامی ئەحمەد بێت کە فەرمویەتی :**

دين النبي محمد أخبار *** نعم المطية للفتى آثارُ

لا ترغبن عن الحديث و أهله *** فالرأي ليل والحديث نَهارُ

ولربما جهل الفتى أثر الهدى *** والشمس بازغةٌ لها أنوارُ

**محمد ناصر الدين الألباني**

**دیمەشق**

**(٢٦ / صەفەر / ١٣٩٢ ك ـ ١٠ / ٤ / ١٩٧٢ )**

## ١ ـ إِستقبالُ الكَعبةِ

## ڕوكردنە كەعبە (قیبلە)

١ ـ موسوڵمانی ئازیز : هەركات ویستت نوێژەكەت ئەنجام بدەیت نوێژی فەرز بێت یان سوننەت وە لەهەر شوێنێك بویت ئەوا ڕووبكەرە كەعبە (قیبلە) ، ئەمەش یەكێكە لە ڕوكنەكانی نوێژ چونكە بەبێ ڕووكردنە كەعبە نوێژ دانامەزرێت .

٢ ـ وە واجبێتی ڕووكردنە كەعبە لە كاتی ترس و جەنگی قورسدا لەسەر جەنگاوەر نامێنێت .

* وە هەروەها واجبێتی ڕووكردنە كەعبە لەسەر بێ توانا نامێنێت وەكو نەخۆش ، یان بۆ كەسێك كە لەناو كەشتی یا سەیارە یا فڕۆكەدا بێت و ترسی ئەوەی هەبێت نوێژەكەی بفەوتێت .

* هەروەها كەسێك كە سواری وڵاخ یان بەسەر هەرشتێكی ترەوە بێت ، ئەوا دەتوانێت لە كاتی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت و نوێژی (ویتر)دا ڕوو لە كەعبە نەكات ، هەرچەندە باشتر وایە (مُستَحَب)ە ئەگەر توانی لە كاتی وتنی (أَللّٰهُ أَكْبَرُ)ی نوێژ دابەستنەكەیدا ڕووی لە كەعبە بێت پاشان وڵاخەكە یان سەیارەكە ڕووی كردە كوێ با بیكات.

٣ ـ واجبە لەسەر هەرکەسێك کە چاوی لە کەعبەوە بێت چاو ببڕێتە کەعبە ، بەڵام ئەوەی کە کەعبەی لێوەدیار نییە تەنها ڕووی تێدەکات .

## حوکمی نوێژێك کە بە هەڵە ڕووی تێدا نەکرابێتە کەعبە :

٤ ـ ئەگەر کەسێك پاش هەوڵدان و پشکنین بۆ دۆزینەوەی قیبلە لەبەر هەورو تەم یان هەر هۆیەکی ترەوە لێی تێکچو و لە نوێژەکەیدا ڕووی نەکردبوە قیبلە ئەوا نوێژەکەی دروستە، ئەگەر دواتریش بۆی ڕوون بۆوە کە لەو نوێژەدا ڕووی لە قیبلە نەبووە گێڕانەوەی لەسەر نییە .

٥ ـ بەڵام ئەگەر یەکێك لە ناو نوێـژدا ڕوی لە قیبلە نەبوو وە کەسێکی باوەڕ پێ کراو هات، ئاڕاستەی قیبلەی پێ ڕاگەیاند، ئەوا پێویستە هەر لەناو نوێژەکەدا ڕووی وەرچەرخێنێت ڕووەو کەعبە ، بەم جوڵانەیەشی نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوەو نوێژەکەی دروستە.

٢ ـ القيام

## ( ڕاوەستان بە پێوە )

٦ ـ لەسەر نوێژخوێن واجبە کە بەپێوە نوێژبکات تەنها لەم کاتانەدا نەبێت:

* لە نوێژی ترس و لەکاتی جەنگی قورسدا دروستە نوێژخوێن کە بە سواریەوە نوێژبکات، وە نەخۆش ئەگەر توانای نەبێت بە پێوە نوێژبکات ئەوا دەتوانێت بە دانیشتنەوە بیکات وە ئەگەر نەیشی توانی ئەوا بە ڕاکشانەوە.

وە لە نوێژی سوننەتدا نوێژخوێن ئەگەر ویستی لێ بوو دەتوانێت کە بە سواری یان بە دانیشتنەوە نوێژبکات ، کڕنوش و سوجدەکەی بە دانەواندنی سەری دەبات، وە بۆ نەخۆشێکیش کە بە دانیشتنەوە نوێژبکات هەر بەو شێوەیەیە ، دەبێت سەری بۆ سوجدە بردنەکە زیاتر لە کڕنوشەکەی دابنەوێنێت.

٧ ـ دروست نی یە بۆ ئەو نەخۆشەی کە بەدانیشتنەوە نوێژدەکات و ناتوانێت ناوچەوانی بدات لە زەوی، شتێکی بەرز دابنێت و سوجدەی لە سەر بەرێت، وەکو باسمان کرد تەنها سەری دادەنەوێنێت و سوجدەکەی کەمێك نزمتر دەبێت لە کڕنوشەکەی .

## نوێژکردن لە ناو کەشتی و فڕۆکەدا :

٨ ـ نوێژی فەرز لە ناو کەشتی و فڕۆکەیشدا دروستە .

٩ ـ ئەگەر نوێژخوێن ترسا کە بکەوێت یان بکەوێتە خوارەوە لە کەشتی یا فڕۆکە ئەوا دەتوانێت کە بە دانیشتنەوە نوێژەکەی بکات .

١٠ ـ نوێژخوێن دەتوانێت لە کاتی ڕاوەستانەکەیدا متمانە بکاتە سەر گۆچانێك یان پاڵبداتەوە بە پایە و ستونەوە بە هۆی پیری یان لاوازی جەستەیەوە .

## کۆکردنەوە لە نێوان ڕاوەستان و دانیشتندا لە یەك نوێژدا:

١١ ـ دروستە نوێژخوێن شەونوێژ بە دانیشتنەوە بکات بەبێ هیچ بەهانەیەکیش ، وەك چۆن بۆی دروستە کە بەپێوە نوێژبکات ، وە دەتوانێت هەردوو شێوازەکەش لەیەك نوێژدا کۆبکاتەوە ، واتا بە دانیشتنەوە نوێژ داببەستێت و چەندە قورئانی خوێند بیخوێنێت و کە تۆزێکی مابوو بۆ کڕنوش ئینجا هەڵدەستێتە سەرپێ وە چەند ئایەتی مابوو تەواوی دەکات و

پاشان کڕنوش و سوجدە دەبات , وە لە ڕکاتی دوهەمیشدا بە هـەمان شـێوە دەکات.

١٢ ـ ئەگەر نوێـژخوێن بـە دانیشـتنەوە نوێـژی کـرد ئـەوا دەتوانێـت بـە چوارمشقی (چوارچمکی) دابنیشێت، یان بە هەر شێوەیەکی تر کـە بەلایـەوە ئاسانە .

## نوێژکردن بە نەعل یا پێلاوەوە :

١٣ ـ دروستە کە نوێژخوێن بە نەعل یا پێڵاوەوە نوێـژبکات ، وەك چـۆن دروستە کە بەپێی پەتی نوێژبکات .

١٤ ـ باشتروایە کە نوێژخوێن جارجـار بـە پێـی پـەتی و جارجـاریش بـە پێڵاوەوە نوێژبکات ، واتە چۆن بۆی گونجا بەو شـێوەیە بکـات ، ئـیتر خـۆی ماندو نەکات بە داکەندن و کردنەوەپێی پـێڵاو یـان نەعلـەکانی مەگـەر لەبـەر ڕێگرێك .

١٥ ـ ئەگەر نوێژخوێن پێڵاو یـان نەعلـەکانی داکەنـد، بـا لـەلای ڕاسـتیدا دایان نەنێت، ئەگەر کـەس لـەلای چـەپیەوە نوێـژی نـە دەکـرد بیانخاتـە لای

چەپیەوە، وە ئەگەر نەیتوانی لەلای چەپیەوە دایانبنێت ئەوا با لە نێوان قاچەکانیدا دایانبنێت[١] چونکە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان گێڕدراوەتەوە کە فەرمانی بەمە کردووە .

## نوێژکردن لەسەر مینبەر :

١٦ ـ دروستە ئیمام لەسەر شوێنێکی بەرز (مینبەر) نوێژ بکات بە مەبەستی فێرکردنی خەڵك ، لەسەر بەرزاییەکە ڕابوەستێت و (أَللهُ أَكْبَرُ)ی دەستپێکردنی نوێژ بکات و قورئان بخوێنێت و کڕنوش بەرێت پاشان پاشەوپاش بێتە دواوە تاوەکو دێتە خوارەوە لەسەر مینبەرەکە ، وە لەسەر زەوی سوجدە دەبات و دەگەڕێتەوە سەرەوە ، وە لە ڕکاتەکانی تریشدا بە هەمان شێوەی ڕکاتی یەکەم دەکات .

[١] دەڵێم ـ واتە ئەلبانی ـ ئەمەش ئاماژەیەکی جوانە بەوەی کە نوێژخوێن نابێت پێڵاوەکانی لە بەردەمیشیدا دابنێت ، ئەم ڕەوشتەش زۆرینەی نوێژخوێنان فەرامۆشیان کردووە ، زۆرجار دەیانبینیت ڕووبەڕووی پێڵاوەکانیان نوێژدەکەن !

# واجبێتی نوێژکردن

## ڕووەو بەربەست (سترە) و نزیك بون لێی :

١٧ ـ واجبە نوێژخوێن ڕوبەڕوی بەربەستێك نوێژبكات ، ئیتر جیاوازی نی‌یە لە مزگەوتدا بێت یان لە شوێنی تردا بێت ، وە بۆ كەسی گەورە و بچوك هەر وەك یەك وایە ، لەبەر گشتگیری ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) كە دەفەرموێت : ((لا تُصَلِّ إِلاَّ إِلى سُتْرَةٍ ، ولا تَدَعْ أَحَداً يَمُرُّ بَينَ يَدَيكَ ، فَإِنْ أَبَى فَلْتُقَاتِلْهُ فَإِنَّ مَعَهُ القَرِينُ)) .

واتە : ڕووبەڕووی بەربەستێك نەبێت نوێژ مەكە ، وە مەهێڵە كەس بەبەردەمتدا تێپەڕێت ، وە ئەگەر كەسێك هەر ویستی بە بەردەمتدا تێپەڕێت لێی بدە، چونكە هاوەڵێكی لەگەڵدایە [واتە شەیتانی لەگەڵدایە] .

١٨ ـ وە واجبە نوێژخوێن لە بەربەستەكەیەوە نزیك بێت ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بەو نزیك بونەوەیە كردووە .

١٩ ـ پێویستە بزانین كە نێوان شوێنی سوجدەكەی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو دیوارەی كە دەیكرد بە بەربەستی نوێژەكەی هێندەی ڕێڕەوی (شەك)ێك

دەبوو ، جا هەرکەس بەو شێوەیە بکات ئەوا ئەو نزیك بونەوەیەی کە واجبە لەسەری ئەنجامی داوە[٢].

## ئەندازەی بەرزایی بەربەست :

٢٠ ـ واجبە بەربەستی نوێژخوێن لە زەویەوە بستێك یان دوو بست بەرز بێت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((إِذا وَضَعَ أَحَدُكُمْ بَيْنَ يَدَيهِ مِثْلَ مُؤَخَّرَةِ[٣] الرَحْلِ فَلْيُصَلِ ، ولا يُبالي مِنْ وَراءِ ذلِكَ)) .

واتە : ئەگەر کەسێکتان بەربەستێکی بە ئەندازەی بەرزایی بەشی دواوەی کۆپانی وشترێك دانا ئەوا با نوێژەکەی بکات و گوێ نەدات بەوەی کە لەپشت بەربەستەکەیەوە تێدەپەڕێت .

---

[٢] دەڵێم ـ ئەلبانی ـ لەمەیشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە زۆربەی نوێژخوێنان لە هەموو ئەو مزگەوتانەی کە من بینیومن لە سوریا و لە شوێنانی تریش نوێژ لە ناوەڕاستی مزگەوتەکاندا و دوور لە دیوار و پایەکان ئەنجام دەدەن ، ئەم کارەشیان بە هۆی هیچەوە نیيە تەنها لە بێ ئاگاییانەوەیە لە کردار و فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) .

[٣] ـ ئەلبانی ـ واتە ئەو ستونەی کە لە بەشی دواوەی کۆپانەوەیە ، وە (الرَحْل) واتە کۆپانی وشتر ، وەکو زین ( السَرَج ) وایە بۆ ئەسپ ، وە ئەم فەرمودەیەش ئاماژەیە بەوەی کە هێڵ کێشان لەسەر زەوی نابێتە بەربەست ، وە ئەو فەرموودەیەی کە لەو بارەیەوە هاتووە فەرمودەیەکی لاوازە (ضَعْيفٌ) .

٢١ ـ دەبێت نوێژخوێن بە تەواوی ڕووی لە بەر بەستەکەی بێت ، چونکە لە فەرمانەکەی پێغەمبەر دا (ﷺ) بەو شێوەیە هاتووە ، ئیتر لە فەرمودەدا نەهاتووە ڕاوەستان بە لای ڕاست و چەپی بەربەستەکەدا ، بە شێوازێکی وا کە نوێژخوێن بە تەواوی ڕووبەڕووی

بەربەستەکەی نەبێت .

٢٢ ـ دروستە نوێژخوێن لە نوێژدا بەربەستەکەی گۆچانێکی چەقێنراو لەزەوی یا هەرشتێکی هاوشێوەی ئەوەبێت ، یان ڕووبەڕووی درەختێك یان پایەیەك بێت ، یان ڕووبەڕووی خێزانی خۆی ئەگەر پاڵکەوتبوو لەسەر جێگەی نوستن و خۆی داپۆشیبێت ، یان ڕووبەڕووی گیانداڕێك بێت جا ئەگەر ئەو گیانداره (وشتر)یش بێت .

## حەرامێتی نوێژ کردن ڕوبەڕوی گۆڕ (قەبر) :

٢٣ ـ نوێژکردن ڕووبەڕووی گۆڕ بە هیچ شێوەیەك دروست نی‌یە ، ئیتر با گۆڕی پێغەمبەرانیش بێت درودی خوایان لەسەر بێت یان گۆڕی خەڵکی تر بێت .

## حەرامێتی تێپەڕبون بە بەردەمی نوێژخوێندا ئەگەر لە ناو مزگەوتی (حەرەم)ی مەککەیشدا بێت :

٢٤ ـ ئەگەر نوێژخوێنێك بەربەستی لە پێش خۆی دانابوو ئەوا ڕۆیشتن بە نێوان ئەو و بەربەستەکەیدا دروست نی‌یە ، ئیتر هیچ جیاوازی نی‌یە لە نێوان مزگەوتی (حەرەم) و مزگەوتەکانی تردا ، لەبەر گشتگیری ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((لَو يَعْلَمُ المارُ بَيْنَ يَدي المصَلّي ماذا عَلَيهِ لَكانَ أَنْ يَقِفَ أَربَعينَ، خَيراً لَهُ مِنْ أَنْ يَمُرَ بَيْنَ يَدَيهِ)) .

واتە : ئەو کەسەی کە بە بەردەم نوێژی نوێژخوێنێکدا دەڕوات

ئەگەر بیزانیایە چەندە گوناهی دەگات ، ئەوا چل وەخت ڕادەوەستا و چاوەڕێی دەکرد ، ئەمەش باشترە بۆی لەوەی کە بە بەردەم نوێژەکەدا تێپەڕێت [واتە تێپەڕیین لە نێوان نوێژخوێن و شوێنی سوجدە بردنەکەیدا][٤].

---

[٤] ـ ئەلبانی ـ بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کردووە لە مزگەوتی (حەرەم)دا ، وە خەڵکیش بە بەردەم نوێژەکەیدا تێپەڕیوون ئەوە فەرموودەیەکی صەحیح نی‌یە ، هەروەها ئاماژەی ئەوەیشی تێدا نی‌یە کە خەڵك لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنی سوجدەکەیدا تێپەڕ بوو بن .

# واجبێتی قەدەغەکردن و نەهێشتنی تێپەڕبوونی خەڵك بە بەردەم نوێژخوێندا ئەگەر لە مزگەوتی (حەرەم)یشدا بێت :

٢٥ ـ دروست نییە بۆ نوێژخوێن کە بەربەستی دانا ڕێگە بدات کەس بە بەردەمیدا بڕوات ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێشوو : ((ولا تَدَعْ أَحَداً يَمُرُّ بَينَ يَدَيكَ ...)) .

هەروەها لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((إِذا صَلّى أَحَدُكُمْ إِلى شَيءٍ يَسْترهُ مِنْ النَّاسِ ، فَأَرادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتازَ بَيْنَ يَدَيهِ فَلْيَدْفَعْ في نَحْرِهِ، وَلْيَدْرَأْ ما اسْتَطاعَ ، [وَفي رِوايةٍ : فَلْيَمْنَعْهُ مَرّتَيْنِ] ، فَإِنْ أَبَى فَلْيُقاتِلْهُ فَإِنَّما هوَ شَيطانٌ)) .

واتە : ئەگەر کەسێك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك کرد کە بیپارێزێت لەوەی کە خەڵك بە بەرنوێژەکەیدا بڕوات ، وە یەکێك ویستی بە بەردەمیدا بڕوات ئەوا با پاڵێك بنێت بە سنگیەوە و هەتا ئەتوانێت نەهێڵێت بە بەر نوێژەکەیدا بڕوات ، با دووجار ڕێگری لێبکات ، ئەگەر هەر ویستی بە بەر نوێژەکەیدا بڕوات ئەوا با لەگەڵیدا بجەنگێت چونکە ئەوە شەیتانە .

## بەرەو پێش ڕۆیشتن لەناو نوێژدا

## بەمەستی ڕێگرتن لە تێپەڕین بە بەر نوێژەکەدا :

٢٦ ـ دروستە نوێـژخوێن هـەنگاوێك یـان چـەند هـەنگاوێك بـەرەو پـێش بڕوات بۆ ڕێگرتن لە ئەوانەی تەکلیفیان لەسەر نیـە (غَيرُ مُكَلَّفِ) هـەتاوەکو لە پشتەوەی تێپەرببن ، نەك لە بەر نوێژەکەیەوە تێبپەڕن .

## ئەوانەی کە نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە

## بە ڕۆیشتنیان بە بەردەم نوێژخوێندا:

٢٧ ـ وە دانانی بەربەست لە نوێـژدا بۆیـە گرنگـە بـۆ نوێـژخوێن چـونکە دەبێتـە ڕێگـر لـە بـەتاڵ بوونـەوەی نوێژەکـەی بـە پێچـەوانەی ئەوانـەی کـە بەربەست دانانێن ، چـونکە ئەگـەر ئافرەتێـك یـان گوێدرێـژێك یـان سـەگێکی ڕەش بە بەر نوێژی کەسێکدا تێپەڕێت ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

## ٣ – النية

# نیێت هێنان

٢٨ ـ پێویستە نوێژخوێن لە دڵیدا نیێتی ئەو نوێژەی هەبێت کە دەیەوێت بیکات و دیاری بکات کە چ نوێژێکە ، ئایا نوێژی نیوەڕۆیە یا نوێژی عەسرە یان بۆ نموونە سوننەتەکانیانە ، ئەم نیێتەش مەرجێکە یان ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی نوێژ ، بەڵام وتنی نیەت بە زمان داهێنراوێکە و پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) ، وە هیچ کامیش لە ئیمامە پەیڕەو لێکراوەکان و لاسایکارەکانیش نەیان وتووە دەبێت نیەت بە زمان بگوترێت .

## ٤ – التّكْبير

# (اللهُ أَكْبَرُ)ی نوێژ دابەستن

٢٩ ـ پاشان نوێژ دادەبەسترێت بە وتنی (اللهُ أَكبَر) کە ئەمەش ڕوکنێکە لە نوێژدا ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرمووێت : ((مِفتاحُ الصَّلاةِ الطّهورُ ، وَتَحْرِيمُها[٥] التّكبيرُ ، وَتَحْلِيلُها التّسليمُ)) .

---

[٥] ـ ئەلبانی ـ (تَحريم) واتە حەرامکردنی ئەو کردەوانەی کە خوای گەورە حەرامی کردون ، (تَحليل)یش واتە حەڵاڵکردنەوەی ئەو کردەوانەی کە لە دەرەوەی نوێژ حەڵاڵن ، وە مەبەست بە (التحريم والتحليل) حەڵاڵکراو و حەرامکراوە .

واتە : کلیلی کردنەوەی نوێژ دەستنوێژە ، وە حەرامکردنی ئەوشتانەی کە لە ناو نوێژدا خوای گەورە قەدەغەی کردوون بە وتنی (أَللّٰهُ أَكْبَر)ی دابەستنی نوێژەکەیە ، وە حەڵاڵکەرەوەی ئەو قەدەغەکراوانەش سەلام دانەوەیە .

٣٠ ـ وە نوێژخوێن نابێت لە سەرجەم نوێژەکانیدا بە دەنگی بەرز (أَللّٰهُ أَكْبَر)ی نوێژدابەستن بکات مەگەر ئیمام بێت .

٣١ ـ وە دروستە بۆ بانگبێژ ئەگەر پێویستی کرد (أَللّٰهُ أَكْبَر)ی ئیمام بە دەنگێکی بەرز بگەیەنێت بەو خەڵکەی کە لە دوایەوە نوێژدەکەن ، لە کاتێکدا ئەگەر ئیمام نەخۆش بوو یان دەنگی نزم بوو یان خەڵکێکی زۆر لە پشتیەوە نوێژیان دەکرد و دەنگی ئیمامیان پێ نەدەگەیشت .

٣٢ ـ وە هەتاوەکو ئیمام بە تەواوەتی نەڵێت (أَللّٰهُ أَكْبَر) ئەوا ئەو نوێژخوێنانەی کە لە دوایەوە نوێژدەکەن نابێت (أَللّٰهُ أَكْبَر)ی نوێژدابەستن بڵێن .

## چۆنیەتی دەست بەرزکردنەوە لە نوێژدا :

٣٣ ـ نوێژخوێن دەتوانێت لەگەڵ یان لەپێش یان لەدوای (أَللهُ أَكْبَر)ی نوێژدابەستندا دەستەکانی بەرزبکاتەوە ، ئەم شێوازانەش هەموویان لە سوننەتدا سەلمێنراون .

٣٤ ـ کاتی دەست بەرز کردنەوەکەی پەنجەکانی ڕێك دەکاتەوە و نایان نوقێنێت .

٣٥ ـ هەردوودەستی بەرزدەکاتەوە تا ئاستی هەردووشانی ، وە جاربەجار لەوەش زیاتر دەستەکانی بەرزدەکاتەوە تا ئاستی گوێیەکانی[٦].

## شێوازی دەست دانان :

٣٦ ـ ئیتر لەدوای وتنی (أَللهُ أَكْبَر) دەستی ڕاستی دەخاتە سەردەستی چەپی، ئەمەش یەکێکە لە سوننەتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لە سەر بێت ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی بە هاوەڵانی دەکرد کە بەو شێوەیە دەستیان دابنێن ، بۆیە دروست نی‌یە کە دەست نەگیرێت و بۆ خوارەوە شۆڕبکرێتەوە .

---

[٦] دەڵێم ـ ئەلبانی ـ بەڵام گرتنی نەرمایی گوێیەکان بە پەنجە هیچ بنەمایەکی نی‌یە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) ، وە من پێم وایە ئەم کارە یەکێکە لە جۆرەکانی وەسوەسە .

٣٧ ـ پاشان دەستی ڕاستی دەخاتە سەر (پشتی دەست و مەچەك و باسك)ی چەپی .

٣٨ ـ وە جارجاریش بە دەستی ڕاستی مەچەکی دەستی چەپی دەگرێت[٧] .

## شوێنی دانانی دەستەکان :

٣٩ ـ نوێژخوێن ژن بێت یان پیاو دەبێت دەستەکانی لەسەر سنگی دابنێت بەبێ جیاوازی[٨].

٤٠ ـ دروست نی‌یە کە نوێژخوێن دەستی لەسەر (کەللەکە)ی دابنێت .

## دڵکزی (الخشوع) و تەماشاکردنی شوێنی سوجدە :

٤١ ـ پێویستە نوێژخوێن بە دڵکزیەوە نوێژەکەی بکات و چاوی بپارێزێت لە هەموو ئەو نەخش و نیگارانەی کە سەرنجی ڕادەکێشن، وە نابێت لە کاتی

---

[٧] ـ ئەلبانی ـ بەڵام ئەو شێوازەی کە هەندێك لە (دواییینەکان / المتأخرين) بە باشیان زانیوە کە هەردوو شێوازەکە کۆبکرێتەوە لە کاتێکدا ، لەو شتانەیە کە هیچ بنەمایەکیان نی‌یە .

[٨] دەڵێم ـ ئەلبانی ـ وە دانانی دەستەکان لەسەر هەرجێگایەکی تر جگە لەسەر سنگ بەڵگەکەی لاوازە یان بێ بنەمایە .

ئامادە بونی خواردنێك نوێـژبكات كـە حـەزی دەچـێتە سـەری یـان كاتێـك نوێژبكات كە تەنگاو بێت (میز و پیسی) زۆریان بۆ هێنابێت .

٤٢ ـ وە لــە حالّــەتی ڕاوەســتانەكەیدا دەبێــت تەماشــای شــوێنی سوجدەكەی بكات .

٤٣ ـ وە نابێت نوێژخوێن لە ناو نوێژەكەیدا ئـاوڕ بـەلای ڕاسـت و چـەپدا بداتەوە ، چونكە ئاوڕدانەوە لە ناو نوێژدا جۆرە دزیەكە كە شەیتان دەیدزێت لە نوێژی بەندەكانی خوا .

٤٤ ـ وە دروست نیـیە بۆ نوێژخوێن لە ناو نوێـژدا چـاو هـەڵبڕێت بـەرەو ئاسمان .

## دوعای دەستپێكردنی نوێژ :

٤٥ ـ پاشان نوێژەكەی دەستپێدەكات بە خوێندنی چەند دوعایەك كە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەلمێنراوە كە لە سـەرەتای نوێژەكانیـدا خوێندویـەتی ، ئەو دوعایانەش زۆرن و زانراوترینیان ئەم نزایەیە : ((سُبْحانَكَ اللّٰهُمَ وَبِحَمْدِكَ ، وَتَبارَكَ اسْمُكَ ، وَتَعالَى جَدُّكَ ، وَلا إِلهَ غَيرُكَ)) جا لەبەر ئـەوەی لـە پێغەمبـەرەوە

ﷺ سەلمێنراوە کە فەرمانی بە خوێندنی ئەم دوعایە کردووە دەبێت وازی لێ نەهێنرێت و هەر بخوێندرێت[٩] .

٥- القِراءةُ

## خوێندنەوەی قورئان

٤٦ ـ پاشان نوێژخوێن پەنا دەگرێت بە خوای گەورە کە ئەم پەناگرتنەش واجبە و نوێژخوێن بە وازهێنان لێی تاوانباردەبێت .

٤٧ ـ سوننەت وایە کە نوێژخوێن جارجارێك بڵێت : (أَعُوذُ بِاللّهِ مِن الشّيطانِ مِن هَمزِهِ ونَفخِهِ، وَنَفْثِهِ) ، (النفث) واتە : شیعری خراپ .

٤٨ ـ وە جاروباریش بڵێت : (أَعوذُ بِاللّهِ السَّميعِ العَليمِ مِن الشَّيطانِ الرَّجيمِ) .

٤٩ ـ پاشان لە نوێژی بەدەنگ و بێدەنگیشدا بە شێوەی نهێنی دەڵێت: (بِسْمِ اللّهِ الرَّحمنِ الرَّحِيمِ) .

---

[٩] ـ ئەلبانی ـ هەرکەس حەزدەکات دوعاکانی تریش بزانێت با بگەڕێتەوە بۆ کتێبە سەرەکیەکە (صفة الصلاة) لاپەڕە : (٧٢ – ٧٣) لە چاپی یازدەیەم .

# خوێندنی سورەتی فاتیحە :

٥٠ ـ پاشان سورەتی فاتیحە بە تەواوەتی دەخوێنێت وە (بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحِيمِ)یش ئایەتێکە لەو سورەتە ، خوێندنی فاتیحە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی نوێژ ، وە نوێژ ناتەواو دەبێت بە خوێندنی فاتیحە نەبێت ، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو موسوڵمانانەی کە عەرەبیش نازانن هەر لەبەریبکەن .

٥١ ـ وە هەرکەسێکیش نەیتوانی سورەتی فاتیحە لەبەربکات ئەوە دەتوانێت لە بری ئەو سورەتە تەنها بڵێت : (سُبْحانَ اللهِ ، والحَمْدُ لِلّهِ ، وَلا إِلهَ إلاّ اللّهُ ، اللّهُ أَكْبَرُ ولا حَولَ وَلا قُوَّةَ إلا بِاللّهِ) .

٥٢ ـ سوننەتیشە کە لە خوێندنی سورەتی فاتیحەدا لە سەری هەموو ئایەتێکدا بوەستێت ، واتا بڵێت: (بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحِيمِ) بوەستێت ، پاشان بڵێت : (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) بوەستێت ، پاشان بڵێت : (الرَّحمنِ الرَّحِيمِ) بوەستێت، پاشان بڵێت : (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) بوەستێت ، ئیتر بەم شێوەیە .

چونکە هەموو خوێندنەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەم شێوەیە بووە ، واتە لەسەری هەموو ئایەتێکدا دەوەستا و نەیلکاندووە بە ئایەتەکانی دوای خۆیانەوە ، هەرچەندە ماناکانیشیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبوبێت .

٥٣ ـ وە دروستە کە لە سورەتی فاتیحەدا (مالِكِ) بە (مَلِكِ) بخوێندرێتەوە .

## خوێندنی فاتیحە لە لایەن ئەو کەسانەی کە لە دوای ئیمامەوە نوێژدەکەن :

٥٤ ـ لەسەر نوێژخوێن واجبە کە لە نوێژە بێ دەنگەکاندا سورەتی فاتیحە بخوێنێت ئەگەر لە دوای ئیمامیشەوە نوێژی کرد .

هەروەها لە نوێژە دەنگدارەکانیشدا پێویستە بیخوێنێت ، ئەگەر گوێی لە خوێندنەوەی ئیمام نەبوو ، وە دەیشتوانێت لەو کاتەدا فاتیحە بخوێنێت کە ئیمام تۆزێك دەوەستێت لە دوای تەوابوون لە خوێندنی سورەتی فاتیحە ، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە کە ئەو وەستانە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) نەسەلمێراوە[١٠].

(١٠) دەڵێم – ئەلبانی – بەڵگەی ئەوانەی کە ئەو تۆزە وەستانە بە صەحیح دەزانن و بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکانیانم باس کردووە لە کتێبی : "سلسلة الأحاديث الضعيفة" فەرموودەی ژمارە : ( ٥٤٦ و ٥٤٧ ) .

## خوێندنەوە لە دوای سورەتی فاتیحە :

٥٥ ـ سوننەتە نوێژخوێن لە یەکەم ڕکات و دووەم ڕکاتدا لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتێك یان چەند ئایەتێکی تر بخوێنێت ، تەنانەت ئەگەر لە نوێژی مردوویشدا بێت .

٥٦ ـ دەتوانێت جارجارێك خوێندنەوەکەی درێژبکاتەوە ، وە جارجارێکیش کورتی بکاتەوە لەبەر یەکێك لەم هۆکارانە وەکو : سەفەر و کۆکە و نەخۆشی و گریانی منداڵ .

٥٧ ـ کورت و درێژی خوێندنەوەی قورئان بە پێی نوێژەکان دەگۆڕێت ، لە نوێژی بەیانیدا لە هەموو نوێژەکان درێژتری دەکاتەوە ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ پاشان عەسر و عیشا ، پاشان نوێژی مەغریب ، بە زۆری بەم شێوازەیە .

٥٨ ـ بەڵام خوێندنەوەی قورئان لە شەونوێژدا لە هەموو نوێژەکانی تر درێژ ترە .

٥٩ ـ وە سوننەتە لە ڕکاتی یەکەمدا قورئان خوێندنەکەی درێژتر بکاتەوە لە ڕکاتی دووەم .

٦٠ ـ وە سوننەتیشە درێژی دوو ڕکاتەکەی دووەمی بە ئەندازەی نیوەی دوو ڕکاتەکەی یەکەمی بێت[١١].

## خوێندنی سورەتی فاتیحە لە هەموو ڕکاتەکاندا :

٦١ ـ وە واجبە نوێژخوێن لە هەموو ڕکاتەکاندا سورەتی فاتیحە بخوێنێت .

٦٢ ـ سوننەتیشە جارجارێك لە دوو ڕکاتەکەی کۆتایشدا لە دوای سورەتی فاتیحە قورئانی تر بخوێنێت .

٦٣ ـ دروست نییە بۆ ئیمام نوێژەکەی لەوە زیاتر درێژبکاتەوە کە لە سوننەتدا هاتووە ، چونکە لەوانەیە ببێتە مایەی ناڕەحەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە دوایەوە نوێژ دەکەن ، وەکو بێزاربون لەبەر بەساڵاچون یان نەخۆشی یان ئافرەت کە منداڵی شیرەخۆرەی هەبێت یان هەرهۆکارێکی تر بێت .

---

[١١] ئەلبانی : بۆ درێژەی ئەم باسەش ئەگەر حەزت کرد بگەڕێرەوە بۆ (صفة الصلاة) لاپەڕە : (٨٣) چاپی یازدەیەم .

# دەنگ بەرز کردنەوە و دەنگ بەرز نەکردنەوە

# لە کاتی قورئان خوێندندا :

٦٤ ـ ئیمام دەبێت لە نوێژی بەیانی و نوێژی هەینی و نوێژی دوو جەژنەکە و نوێژە بارانە و خۆرگیران و دوو ڕکاتی یەکەم لە نوێژی مەغریب و دوو ڕکاتی یەکەم لە نوێژی عیشادا بە دەنگی بەرز قورئان بخوێنێت .

وە لە نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی عەسر و سێیەم ڕکاتی نوێژی مەغریب و دوو ڕکاتی کۆتایی نوێژی عیشادا قورئانەکەی بە دەنگی نزم بخوێنێت .

٦٥ ـ هەروەها دروستە ئیمام لە نوێژە بێ دەنگەکانیشدا جارجارێك یەك ئایەت بدات بە گوێی ئەوانەی کە لە دوایەوە نوێژ دەکەن .

٦٦ ـ بەڵام لە نوێژی ویتردا نوێژخوێن بۆی هەیە کە بە بێ دەنگ قورئانەکەی بخوێنێت وە بۆیشی هەیە کە بە دەنگەوە بیخوێنێت ، بەڵام ئەگەر بە دەنگەوە قورئانی خوێند نابێت دەنگی زۆر بەرز بکاتەوە ، دەبێت بە شێوەیەکی مامناوەند قورئانەکەی بخوێنێت .

## جوان خوێندنەوەی قورئان :

٦٧ ـ سوننەتە بۆ نوێژخوێن قورئانەکەی بە شێوەیەکی جوان بخوێنێتەوە و پەلە پەلەی تێدا نەکات ، بەڵکو بەڕەوانی و پیت بە پیت بیخوێنێت ، وە خوێندنەوەکەی بڕازێنێتەوە بە دەنگی خۆی ، وە ئاوازداری بکات بە پێی ئەو یاساو ڕێسایانە کە لەلای زانایانی باشخوێندنەوەی قورئان (تَجْوِيد) زانراوە ، وە نابێت قورئان خوێندنەکەی ئاوازدار بکات بەم ئاوازە داهێنراوانەی ئێستا یان لە سەر یاسای مۆسیقی بیخوێنێت .

## ڕاستکردنەوەی هەڵە بۆ ئیمام :

٦٨ ـ ئەگەر ئیمام هەڵەی کرد لە قورئان خوێندنەکەیدا ئەوانەی کە لەدوایەوە نوێژدەکەن دەتوانن بۆی ڕاست بکەنەوە ، وە ئەگەر ئیمام قورئانەکەی لە بیری چوبۆوە و تەتەڵەی تێدا کرد نوێژخوێنانی دواوە بۆیان هەیە بیری بخەنەوە .

٦ ـ الركوع

## چونە ڕکوع ( کڕنوش )

٦٩ ـ کاتێك نوێژخوێن لە قورئان خوێندن بوویەوە تۆزێك دەوەستێت بە ئەندازەی هەناسەدانێك .

٧٠ ـ پاشان بەو شێوەیەی کە پێشتر لە کاتی (اللّٰهُ أَكْبَر)ی دەستپێکردندا باسکرا دەستی بەرز دەکاتەوە .

٧١ ـ وتنی (اللّٰهُ أَكْبَر) لەم حاڵەتەدا لەسەر نوێژخوێن واجبە .

٧٢ ـ پاشان کڕنوش دەبات ، وە بە ئەندازەی جێگیر بونی جومگەکانی لە کڕنوشدا دەمێنێتەوە تا هەموو ئەندامەکانی باری ئاسایی خۆیان بگرن ، ئەمەش ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی نوێژ .

## چۆنێتی کڕنوش بردن :

٧٣ ـ هەردوو دەستی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی ، پەنجەکانیشی لەیەك جیادەکاتەوە و ئەژنۆکانی پێ دەگرێت ، ئەم کردارانەش هەمووی واجبن لە ناو نوێژدا .

٧٤ ـ وه دەبێت چەمینەوەی پشتی به شێوەیەکی دروست بێت ، واتە پشتی ئەوەندە ڕێك بێت ئەگەر ئاوی لەسەر دابنرێت له سەری بوەستێت و بە هیچ لایەکدا نەڕژێت ، ئەمەش واجبە .

٧٥ ـ سەریشی هەر له ئاستی پشتیدا ڕادەگرێت واته نه دایدەنەوێنێت وه نه بەرزیشی دەکاتەوە .

٧٦ ـ ئانیشکەکانیشی له هەردوو لاکەلەکەی خۆی دوور دەخاتەوە .

٧٧ ـ کە چووە حاڵەتی کڕنوش سێ جار یان زیاتر دەڵێت: (سُبْحَانَ رَبِيَ العَظِيم)[١٢].

## یەکسانی لە نێوان ڕوکنەکاندا :

٧٨ ـ سوننەتە هەموو ڕوکنەکانی نوێژ لە درێژیدا یەکسان بن ، واتە کڕنوش و هەستانەوەی دوای کڕنوش و سوجدەکان و مانەوەی نێوان سوجدەکانی تەقریبەن یەکسان بن .

---

(١٢) ئەلبانی : هەندێك زیکری تریش هەن کە لەم ڕوکنەدا دەخوێندرێت ، ئیتر هەیانە درێژن و هەیانە مامناوەندن وه هەیشیانە کورتن ، بۆ زانینی ئەو زیکرانە بگەڕێرەوە بۆ (صفة صلاة النبي ﷺ) لاپەڕەی : (١١٣) چاپی یازدەیەم .

٧٩ ـ دروست نىيە نوێژخوێن لە کڕنوش و سوجدەدا قورئان بخوێنێت .

## هەستانەوە لە کڕنوش :

٨٠ ـ پاشان هەڵدەستێتەوە لە کڕنوش و پشتی ڕاست دەکاتەوە ، ئەمەش ڕوکنە .

٨١ ـ لە کاتی بەرزبونەوەیدا لە کڕنوش دەڵێت (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَه) ، ئەمەش واجبە .

٨٢ ـ لە کاتی ڕاست بونەوەدا دەستەکانی بەرزدەکاتەوە بەو شێوازانەی کە لە پێشەوە باسکران .

٨٣ ـ پاشان ڕێك ڕادەوەستێت و ئارام دەگرێت تاوەکو هەموو ئێسکەکانی باری ئاسایی خۆیان وەردەگرن ، ئەمەش ڕوکنە .

٨٤ ـ لە کاتی ئەم ڕاوەستانەدا دەڵێت (رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْد)[١٣] ، وتنی ئەم زیکرەش واجبە لە سەر هەموو نوێژخوێنێك با لە دوای ئیمامیشەوە نوێژ

---

[١٣] ئەلبانی : هەندێك زیکری تریش هەن کە لەم ڕوکنەدا دەخوێندرێت ، ئیتر هەیانە درێژن و هەیانە مامناوەندن وە هەیشیانە کورتن ، بۆ زانینی ئەو زیکرانە بگەڕێرەوە بۆ (صفة صلاة النبي ﷺ) لاپەڕەی : (١١٦) چاپی یازدەیەم .

بکات[١٤] چونکە ئەمە دوعای ڕاوەستانە لە دوای کڕنوش ، بەلآم وتنی (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَه) دوعای کاتی هەستانەوەیە و جێگەی ئەم دوعایەی تر ناگرێت .

٨٥ ـ وە ماوەی مانەوەی لەم ڕاوەستانەدا هێندەی ماوەی کڕنوش بردنەکەی دەبێت وەك لە پێشەوە باسکرا .

## ٧ ـ السجود

## (سوجدە بردن)

٨٦ ـ پاشان واجبە بڵێت (اللهُ أَكْبَر) .

٨٧ ـ هەندێك جار نوێژخوێن لەگەڵ ئەو (اللهُ أَكْبَر)ەدا دەستەکانیشی بەرز دەکاتەوە .

---

[١٤] لەم وەستانەدا شەرعی نیە دەستی ڕاست بخرێتەوە سەر دەستی چەپ ، چونکە لە سوننەتدا نەهاتووە ، ئەگەر حەزت کرد تەماشای درێژەی ئەم باسە بکەی بگەڕێرەوە بۆ (صفة صلاة النبي ﷺ) .

# خۆ بەردانەوە و ڕۆیشتن بۆ سوجدە لە سەر هەردوو دەست :

٨٨ ـ پاشان دەچێتە سوجدە ، لە پێشدا هەردوودەستی دەخاتە سەرزەوی پاشان ئەژنۆکانی ، چونکە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەلمێنراوە کە فەرمانی بەم شێوەیە کردووە و قەدەغەی کردووە لە خۆ چواندن بە وشتر ، چونکە وشتر لە پێشدا ئەژنۆکانی دەخاتە سەر زەوی ، وە ئەژنۆی وشتر دەکەوێتە دەستەکانی پێشەوەی .

٨٩ ـ کە سوجدەی برد (سوجدە بردنیش روکنە) متمانە دەکاتە سەر لەپی هەردوودەستی و ڕایان دەخات .

٩٠ ـ پەنجەکانیشی بە یەکەوە دەنوسێنێت .

٩١ ـ سەری پەنجەکانی ڕوو دەکاتە قیبلە .

٩٢ ـ دەستەکانی لە ئاستی شانەکانیدا لەسەر زەوی دادەنێت .

٩٣ ـ جارجارێکیش لە ئاستی گوێیەکانی دایان دەنێت .

٩٤ ـ واجبە نوێژخوێن باسکەکانی لە سەر زەوی دانەنێت و ئەنیشکەکانی بەرز بکاتەوە، واتا وەکو ڕاکشانی سەگ ڕایان نەخات .

٩٥ ـ دەبێت لوت و نێوچەوانی بخاتە سەر زەوی ، ئەمەش ڕوكنە .

٩٦ ـ هەروەها ئەژنۆكانیشی لەسەر زەوی دادەنێت .

٩٧ ـ وە سنگی پێیەكانیشی دەخاتە سەر زەوی .

٩٨ ـ وە پێیەكانی وەك بچەقێنێت لە زەوی وا لێدەكات ، ئەم كارانە هەموو واجبن .

٩٩ ـ وە سەری پەنجەكانی پێی ڕوو دەكاتە قیبلە .

١٠٠ ـ وە دەبێت پاژنەكانی پێی جوت بكات بە یەكەوە .

## ڕێكوپێكی لە سوجدەدا :

١٠١ ـ لەسەر نوێژخوێن واجبە كە بەڕێكوپێكی سوجدە بەرێت ، ئەمەش بەوە دەبێت كە متمانە بكاتە سەر هەموو ئەو ئەندامانەی كە سوجدەیان لەسەر دەبات بە شێوەیەكی یەكسان كە ئەوانیش : نێوچەوان و لوت و هەردوو ناولەپی دەستی و هەردوو ئەژنۆ و كەناری پەنجەكانی هەردوو پێین .

١٠٢ ـ هەر نوێژخوێنێك سوجدەكەی بەم شێوەیە ڕێكوپێك بێت ، ئـەوە بە دڵنیاییـەوە ئـارامی گرتـووە ، ئـەم ئـارامگرتن (اطمئنان)ەش ڕوكنێكـە لـە ڕوكنەكانی نوێژ .

١٠٣ ـ لە سوجدەدا نوێژخوێن سێ جار یان زیاتر دەڵێـت : (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى)[١٥].

١٠٤ ـ وە باشترە (مُسْتَحَب)ە دوعای زۆر بكات لەم حاڵەتـەدا ، چـونكە سوجدە زامنی گیرابوونی دوعاونزایە .

١٠٥ ـ وەكو باسكرا درێـژی سـوجدەكەی نزیكـەی درێـژی كڕنوشـەكەی دەبێت .

١٠٦ ـ سـوجدە وەك چـۆن دروسـتە لەسـەر زەوی ببرێـت ، بـە هـەمان شێوە دروستە ئەگەر لەسەر هەرشتێك ببرێت كە بكەوێتە نێـوان زەوی و نێـو چەوانی نوێژخوێنەكەوە ، وەكو جل و ڕاخەر و حەسیر و هاوشێوەی ئەمانە .

١٠٧ ـ وە دروست نییە لە كاتی سوجدەدا قورئان بخوێنرێت .

---

[١٥] ئەلبانی : زیكری تریشی هەیە ئەگەر ویستت دەیبینیت لە (صفة الصلاة)دا لاپەڕە : (١٢٧) .

# شێوە دانیشتنی ( إِفتِراش ) و ( إِقعاء )

# لە نێوان دوو سوجدەکەدا :

١٠٨ ـ پاشان سەری بەرز دەکاتەوە لە سوجدەکەی و (اللّٰهُ أَكْبَر) دەکات کە ئەمەش واجبە .

١٠٩ ـ جارجارێکیش دەستەکانی لەگەڵ ئەم (اللّٰهُ أَكْبَر)ەدا بەرز دەکاتەوە .

١١٠ ـ پاشان بە ئارامی دادەنیشێت (مُطمئناً) ، تاوەکو هەموو ئێسکەکانی باری ئاسایی خۆیان وەردەگرن ، ئەمەش ڕوکنە .

١١١ ـ لەم دانیشتنەدا پێی چەپی ڕادەخات و لەسەری دادەنیشێت ، ئەم دانیشتنەش واجبە .

١١٢ ـ وە پێی ڕاستی هەڵدەپێکێ واتە لەسەر سنگە پێی دەیچەقێنێت.

١١٣ ـ وە سەری پەنجەکانی پێی ڕاستی دەنوشتێنێتەوە و ڕوویان دەکاتە قیبلە .

١١٤ ـ دروستە کە جارجارێکیش بە شێوەی (إقعاء) دانیشێت ، واتە سنگی هەردوو پێی لەسەر زەوی دابنێت و لەسەر هەردوو پاژنەکانی دابنیشێت .

١١٥ ـ لەم دانیشتنەی نێوان دوو سوجدەکەدا دەڵێت: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاجْبُرْنِي وَارْفَعْنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي) .

١١٦ ـ ئەگەر ویستیشی دەتوانێت بڵێت : (رَبِّ اغْفِرْ لِي ، رَبِّ اغْفِرْ لِي) .

١١٧ ـ ماوەی ئەم دانیشتنەی درێژ دەکاتەوە تا نزیکەی درێژی سوجدەکەی .

## سوجدەی دووەم :

١١٨ ـ پاشان دەڵێت (اللهُ أَكْبَر) ، وتنی ئەم (اللهُ أَكْبَر)ەش واجبە .

١١٩ ـ هەندێك جار لەگەڵ وتنی ئەم (اللهُ أَكْبَر)ەدا دەستەکانیشی بەرزدەکاتەوە .

١٢٠ ـ پاشان سوجدەی دووەم دەبات ئەم سوجدەیەشیان هەر ڕوکنە .

١٢١ ـ لە سوجدەی یەکەمدا چی ئەنجامدا لەم سوجدەیەشیاندا بە هەمان شێوە دووبارەی دەکاتەوە .

## دانیشتینی پشوو دان :

(جلسة الاستراحة)

١٢٢ ـ کە سەری لە سوجدەی دووەم بەرز کردەوەو ویستی هەڵسێتەوە بۆ ڕکاتی دووەم واجبە بڵێت : (اللهُ أَكْبَر) .

١٢٣ ـ جارجارێکیش لەگەڵ ئەم (اللهُ أَكْبَر) کردنەدا دەستەکانیشی بەرزدەکاتەوە .

١٢٤ ـ جا پێش ئەوەی کە هەستێتەوە سەرپێ لەسەر پێی چەپی دادەنیشێت، هەتاوەکو هەموو ئێسکەکانی دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان.

## ڕکاتی دووەم :

١٢٥ ـ پاشان هەڵدەسێتەوە بۆ ڕکاتی دووەم ، وە متمانە دەکاتە سەر دەستەکانی بە شێوەی (مشتەکۆڵە) ، هەر وەك چۆن هەویرشێل مشتی دەنوقێنێت و متمانەی دەکاتەسەر ، ئەم هەستانەوەیەش ڕوکنە .

١٢٦ ـ لە ڕکاتی یەکەمدا چی کردووە بە هەمان شێوە لەم ڕکاتەیشدا ئەنجامیان دەداتەوە .

١٢٧ ـ تەنها ئەوەندە هەیە کە لەم ڕکاتەیاندا دوعای دەستپێکردنی نوێژ ناخوێنێت .

١٢٨ ـ بەڵام ئەم ڕکاتەیان لە ڕکاتی یەکەم کورت تر دەکاتەوە .

## دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات :

١٢٩ ـ کە لە ڕکاتی دووەم تەواو بوو دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات ، ئەم دانیشتنەش واجبە

١٣٠ ـ وە بە شێوەی (إفتِراش) دادەنیشێت وەك لە دانیشتنی نێوان سوجدەکاندا باسکرا .

١٣١ ـ بەڵام لە دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات دروست نیـیە کە بە شێوەی (إقعاء) دابنیشێت .

١٣٢ ـ لەم دانیشتنەدا لەپی دەستی ڕاستی لەسەر ڕان و ئەژنۆی ڕاستی دادەنێت ، وە ئانیشکی ڕاستیشی دەخاتە سەر ڕانی ڕاستی و لێی جیاناکاتەوە .

١٣٣ ـ وە لەپی دەستی چەپی لەسەر ڕان و ئەژنۆی چەپی ڕادەخات .

١٣٤ ـ وە دروست نىیە لەم دانیشتنەیدا متمانە بکاتە سەر دەستەکانی بەتایبەتی دەستی چەپی .

## جوڵاندنی پەنجەی شایەتومان و تەماشاکردنی :

١٣٥ ـ پەنجەکانی دەستی ڕاستی هەموو دەنوقێنێت تەنها پەنجەی شایەتومانی نەبێت ، جارجار پەنجە گەورەی دەخاتە سەر پەنجەی ناوەڕاستی .

١٣٦ ـ جارجاریش بە پەنجە گەورەی و پەنجەی ناوەڕاستی بازنەیەك دروست دەکات .

١٣٧ ـ وە بە پەنجەی شایەتومانیشی ئاماژە دەکات بەرەو قیبلە .

١٣٨ ـ وە چاویشی دەبڕێتە پەنجەی شایەتومانی و تەماشای دەکات .

١٣٩ ـ وە لەسەرەتای تەحیاتەوە تا کۆتایی تەحیات پەنجەی شایەتومانی دەجوڵێنێت و پێی دەپاڕێتەوە و دوعای پێدەکات .

١٤٠ ـ بەڵام نابێت بە پەنجەی دەستی چەپی ئەم ئاماژەیە بکات .

١٤١ ـ لە هەموو تەحیات خوێندنێکدا ئەو کردارانەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوە .

## شێوەی خوێندنی تەحیات و نزای کۆتاییەکەی :

١٤٢ ـ خوێندنی تەحیات واجبە و هەرکەس لەبیری چوو لە نوێژدا بیخوێنێت ، ئەوا دوو سوجدەی سەهوی بۆ دەبات .

١٤٣ ـ وە تەحیات بە دەنگی نزم دەخوێنرێت و دەنگی تێدا بەرز ناکرێتەوە .

١٤٤ ـ ئەمەش شێوازەکەیەتی : (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَى النَّبِيِّ [١٦] وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)[١٧] .

---

[١٦] تەحیات دەبێت بەم شێوەیە بخوێنرێت ، وە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) هەروا خوێنراوە ، ئەمەش لە گێڕانەوەی ( ابن مسعود وعائشة وابن الزبير وابن عباس)دا ڕەزای خوایان لێبێت سەلمێنراوە ، هەرکەس ڕوونکردنەوەی زیاتری دەوێت با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی : (صفة الصلاة) لاپەرە : (١٤٢) .

[١٧] لە کتێبی ئاماژە بۆ کراودا شێوازی تریش هەن کە سەلمێنراون لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەمەی کە لێرەدا باسم کردووە ڕاستترینیانە .

١٤٥ ـ پاشان صەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و دەڵێت : (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ) .

١٤٦ ـ ئەگەر ویستی لێبوو دەتوانێت کورتی بکاتەوە و بڵێت : (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ وَبَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ) .

١٤٧ ـ ئیتر لە دوای ئەم تەحیاتە خۆی سەرپشکە چی دوعایەکی بە لاوە باش بوو لەو دوعایانەی کە لە سوننەتدا هاتوون ، بەو شێوازە لە خوا دەپاڕێتەوە .

## ڕکاتی سێیەم و چوارەم :

١٤٨ ـ بۆ هەستانەوە بۆ ڕکاتی سێیەم واجبە نوێژخوێن بڵێت : (اللهُ أَكْبَر) ، وە سوننەتە بە دانیشتنەوە بیڵێت .

١٤٩ ـ جارجـارێكیش لەگـەڵ ئـەم هەسـتانەوەیەدا دەستەكانیشـی بەرزدەكاتەوە .

١٥٠ ـ پاشان هەڵدەسێتەوە بۆ ڕكاتی سێیەم ، ئەمەش ڕوكنە هەروەها ڕكاتی چوارەم كە لە دوای ئەم ڕكاتە دێت .

١٥١ ـ وە بۆ هەستانەوە بۆ ڕكـاتی چـوارەمیش بـە هـەمان شـێوە ئـەو شتانە ئەنجام دەدات .

١٥٢ ـ بەڵام پێش ئەوەی كە هەڵسێتەوە لەسەر پێی چەپی دادەنیشێت تاوەكو هەموو ئێسكەكانی دەچنەوە باری ئاسایی خۆیان .

١٥٣ ـ پاشان بۆ هەستانەوەكەی متمانە دەكاتە سەر دەسـتەكانی هـەر وەكو چۆن بەو شێوەیەی كرد لە هەستانەوەكەیدا بۆ ڕكاتی دووەم .

١٥٤ ـ واجبە لە ڕكاتی سێیەم و چوارەمدا سورەتی (فاتیحە) بخوێنێت .

١٥٥ ـ جارجارێكیش دەتوانێت ئایەتێك یان زیاتری تێدا بخوێنێت .

# خوێندنی دوعای (قنوت) لە کاتی (بەڵا)دا و شوێنەکەی :

١٥٦ ـ سوننەتە نوێـژخوێن دوعـای قنـوت بخوێنێـت بـۆ موسـڵمانان لـە نوێژەکەیدا هەر کاتێك بەڵایەکیان بەسەرداهات .

١٥٧ ـ شوێنەکەیشـی دوای هەسـتانەوەیە لـە کڕنـوش پـاش وتـنی (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد) .

١٥٨ ـ وە هیچ دوعایەکی تایبەتی نییە ، بەڵکو دوعایەکی تێـدا دەکـات کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بەڵایەی کە بەسەریاندا هاتووە .

١٥٩ ـ لە کاتی ئەم دوعایەشدا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە .

١٦٠ ـ ئەگەر ئیمام بوو بە دەنگی بەرز ئەم دوعایە دەخوێنێت .

١٦١ ـ ئـەو نوێژخوێنانـەیش کـە لـە دوایـەوە نوێژدەکـەن (ئـامین) بـۆ نزاکانی دەکەن .

١٦٢ ـ کە تەواو بوو لە دوعا کردن (اللّٰهُ أَكْبَر) دەکات و دەچێتە سوجدە.

## خوێندنی دوعای (قنوتی ویتر) و شوێنەکەی و شێوازەکەی :

١٦٣ ـ بەڵام خوێندنی دوعای قنوتی ویتر شەرعی‌یە جارجارێك بکرێت .

١٦٤ ـ شوێنەکەیشی لە پێش چوونە کڕنوشە ، بە پێچەوانەی قنوتی کاتی بەڵا و ناهەمواری کە لە دوای کڕنوش دەخوێنرێت .

١٦٥ ـ ئەم دوعایەشی تێدا دەخوێنرێت : (اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ ، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ ، وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ ، فَإِنَّكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَي عَلَيْكَ ، وَإِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ ، وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ ، وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ) .

١٦٦ ـ وە ئەم دوعایە لە فێرکردنی پێغەمبەرەوەیە (ﷺ) ، بۆیە هیچی بۆ زیاد ناکرێت تەنها (صەڵاوات)دان نەبێت لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەمە دروسە چونکە بەم شێوەیە لە صحابەکانەوە سەلمێنراوە .

١٦٧ ـ پاش خوێندنی ئەم دوعای قنوتە کڕنوش دەبات و دوو سوجدەکەی دەبات بەو شێوازەی کە لە پێشەوە باسکرا .

## خوێندنی تەحیاتی کۆتایی

## و شێوازی دانیشتنی (تەوەڕوك) :

١٦٨ ـ پاشان دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیاتی کۆتایی ، ئەم تەحیاتە و دانیشتن بۆی هەردوکیان (واجب)ن .

١٦٩ ـ هەموو کارەکانی تەحیاتی یەکەم ئەنجام دەدات .

١٧٠ ـ تەنها لە دانیشتنەکەیدا جیاوازە کە بە شێوە دانیشتنی (تەوەڕوك) دادەنیشێت ، واتە (کلۆك)ی چەپی دەخاتە سەر زەوی ، وە هەردوو پێی لە (لای ڕاستی‌یەوە) دەردەهێنێت ، وە پێی چەپی دەخاتە ژێر قاچی ڕاستی .

١٧١ ـ وە پێی ڕاستی دەچەقێنێت .

١٧٢ ـ جارجارێکیش دەتوانێت کە پێی ڕاستیشی ڕابخات .

١٧٣ ـ وە بە لەپی دەستی چەپی ئەژنۆی چەپی دەگرێت و متمانەی دەکاتە سەر .

## واجبێتی صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و پەنا گرتن بە خوا لە چوار شتەکە :

١٧٤ ـ واجبە لەسەر نوێـژخوێن لـەم تەحیاتـەدا صـەڵاوات بـدات لەسـەر پێغەمبەر (ﷺ) ، لە تەحیاتی یەکەمدا چەند شێوازێکمان لـێ‌ی باسکردووە .

١٧٥ ـ واجبیشە کە خۆی پەنابـدات لـە چـوار شـت و بڵێـت : (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)[١٨] .

## پاڕانەوە لە پێش سەلامدانەوە :

١٧٦ ـ پاشان لە پێش سەلامدانەوە بۆ خۆی دەپاڕێتەوە بەو دوعایانەی کـە دەیانزانێـت کـە لـە قورئـان و سـوننەتدا بـە زۆری هـاتوون ، وە ئەگـەر

[١٨] ئەلبانی : (فِتْنَةِ الْمَحْيَا) واتە : ئەو تاقیکردنەوانەی کە توشی مرۆڤـ دەبێت لـە دنیـادا ، وە (فِتْنَةِ الْمَمَاتِ) واتە : تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ و پرسیاری فریشتەکان ، وە (فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ) واتـە : ئـەو تاقیکردنەوانـەی کە لە لایەن دەجاڵەوە توشی موسڵمان دەبێت چونکە شتی نائاسایی وای پێ‌یە کە خەڵکێکی زۆری پێ گومڕا دەبێت و شوێنی دەکەون و بە خوای دەزانن .

هیچیشی لەوانە لەبەر نەبوو با بەهەر پاڕانەوەیەك كە سودی دین و دنیای تێدایە بپاڕێتەوە .

## سەلامدانەوە و شێوازەكانی :

١٧٧ ـ دوای تەواوبوون لەو دوعایانە سەلام دەداتەوە بە لای ڕاستیدا ، بە شێوەیەكی وا كە دەبێت سپیایی ڕومەتی ڕاستی ببینرێت .

١٧٨ ـ وە پاشان سەلام دەداتەوە بە لای چەپیدا بە شێوەیەك كە سپیایی ڕومەتی چەپی ببینرێت ، ئەگەر لە نوێژی مردوشدا بێت هەر بەم شێوەیە دەكات .

١٧٩ ـ وە ئیمام دەبێت دەنگی بەرز بكاتەوە لە سەلامدانەوەی نوێژەكەیدا ، جگە لە نوێژی مردوودا نەبێت .

١٨٠ ـ وە سەلام دانەوە چەند شێوازێكی هەیە :

**یەكەم** : سەلام دەداتەوە بە لای ڕاستی داو دەڵێت : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) ، وە بە لای چەپیدا دەڵێت : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ) .

**دووەم** : بە هەمان شێوە بە بێ وتنی (وَبَرَكَاتُهُ) .

**سێیەم** : بە لای ڕاستی دا دەڵێت : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ) ، وە بـە لای چەپیدا دەڵێت (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ) .

**چوارەم** : دەتوانێـت تـەنها یـەك سـەلام بداتـەوە ڕووەو پێشـەوە ، بـەڵام هەندێك خۆی بە لای ڕاستیدا بسوڕێنێت .

***

# کۆتایی

بـرای موسـوڵمانم : ئەونـدەم تـوانی کـە (**پوختــەی چــۆنێتی نوێــژی پێغەمبەرت** ﷺ) بۆ بنووسم ، بەم کارەیشم هەوڵمداوە کە بە شـێوەیەك بـۆت نزیك بکەمەوە تـاوەکو لـە لات ڕوون بێـت و نموونەکـەی لـە مێشـکتدا بێـت ، هەروەك چۆن ئەو نوێژە بە چاوی خۆت ببینیت .

جا ئەگـەر تـۆ بـەو شـێوەیە نوێـژەکانت بکـەیت کـە پـێم ناسـاندویت لـە چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) ، داواکارم لە خوا کە لێتی وەربگرێت ، چونکە نوێژکردنت بەو شێوازە مانای وایـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەرت (ﷺ) جێبـەجیٚ کـردووە کـە دەفـەرموێت : ((صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمونِي أُصَلي)) [البخاري] .

لە دوای ئەوەش پێویسـتە کـە بـیرت نەچـێت گرنگـی بـدەیت بـە ئامـادە بوونی دڵ و خوشوع لە نوێژەکانتدا ، چونکە ئـەوە مەبەسـتە گەورەکەیـە لـە وەستانی بەندە لە بەردەمی خوای گەورەدا ، ئیتر بە گوێرەی هێنانـەدیت لـە خوشوع و پەیڕەو کردنت بـۆ شـێوازی نوێـژی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەو بەروبومـە چاوەڕوانکراوە بەدەست دەهێنیت کە خـوای گـەورە ئامـاژەی بـۆ کـردووە و دەفەرموێت : ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ .

لە کۆتایـــــدا داواکارم لە خوای گــەورە نوێژەکانمان و سەرجەم

کردەوە چاکەکانمان لێ وەرگرێت ، وە پاداشتەکەیمان بۆ پاشەکەوت بکات بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگەڕێینەوە لای خۆی ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ ، والحمد لله رب العالمين .